چوارچێوەی هەماهەنگی ئیدانەی بەئامانجکردنی کەرەر دکات و بە هەڕەشەیەکی نیشتمانیی دەزانێت

چوارچێوەی هەماهەنگی لەبارەی هێرشەکەی سەر کۆگەی کەرەر رایدەگەیەنێت، پشتیوانی دەکەین لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لەبارەی هێرشەکە و دەشێت، "ئەو هێرشە تەنیا خزمەت بەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت دەوڵەت لاواز بکەن و پرسەی گەشەپێدان پەکبخەن".

چوارچێوەی هەماهەنگی لەپەیامێکدا بڕاویکردەوە، هێرشکردنە سەر دامەزراوە نیشتمانییەکان مەترسییە بۆ سەر ئاسایش و ئابوری و سەقامگیریی عێراق، تەنیا خزمەت بەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت دەوڵەت لاواز بکەن و پرسەی گەشەپێدان پەکبخەن.

چوارچێوە پاڵپشتیی خۆی بۆ ئەو لیژنەیە ڕاگەیاند کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ڕوداوەکە و دەستنیشانکردنی لایەنە تێوەگلاوەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دۆزینەوەی ئەو جۆرە هێرشانە، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ستراتیژیی بۆ ئابوری نیشتیمانی.

چوارچێوەی هەماهەنگییەکە جەختی لەسەر پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هێرشە کردەوە

وەك "هەڵەشەیەکی نیشتمانی کە نابێت لەڵاوی سیاسی و بە مەبەستی حزبی بقۆزرێتەوە" و باسی لەوەشکردوە، پاراستنی سەروەری دەوڵەت و پاراستنی دامەزراوەکان، بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی نیشتمانییە کە پێویستی بە یەکگرتویی هەڵوێستەکان هەیە لە بەرامبەر هەوڵەکانی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری.

درەنگانی شەوی ڕابردو دو هێرشکرایە سەر کێڵگەی غازی کێرمێر بەناو یەکێك لە هێرشەکان ئامانجەکەی نەپێکا و هێرشەکەی دیکەشیان کێڵگایەکی غازی کردوەتە ئامانج و ئاگرێکی گەورەی لێکەوتەوە.

کەمپانیای دانەغازی ئیماراتی بەیانی ئەمڕۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی تایبەت بە خەندان نێردراوە، ڕایگەیاند، "یەکێك لە تانکی هەڵگرتنی غازی شل (LPG) لە دامەزراوەی کێرمێر لە هێرشی کوردستان بۆهەی هێرشی موشێکوە ئاگرێکی گەورە کەوتوەتەوە".